# حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان داوا دەکات کە کوشتاری شەنگال بە کۆمەڵکوژی بناسرێت



بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان لە بەیاننامەیەک کە بڵاویکردۆتەوە ڕایگەیاند کە کوشتنی بەکۆمەڵ لە شەنگال لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کۆمەڵکوژی بووە و خەڵکی ئێزدیی کردووەتە ئامانج و داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە ئەو کوشتاریە وەکوو کۆمەڵکوژی بە فەرمی بناسێت.

بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان بە بۆنەی دەهەمین ساڵڕۆژی هێرش و کۆمەڵکوژی داعش لە شەنگال بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا ڕایگەیاند: کۆمەڵکوژی لە شەنگال ڕووخانی کۆمەڵگایەک و کۆمەڵکوژی فەرهەنگەکەی بوو.